# کۆجیتۆی جەلال تاڵەبانی

## سەلاح جەلال

شیعر

٢٠٢١

بەرگی

١ و ٢

## بەسپۆنسەری کافتریای کلتوری سەرای کۆن و بەرێز کاك (جوتیار بابان) کەسایەتییەکی دڵسۆزی کوردو یەکێتی نیشتمانی کوردستان چاپکراوە.

**زۆر سوپاسی بەڕێز کاك(محەمەدی سەلاجە) کاتی خۆی بەرگی یەکەمی چاپ کرد.**

**هیچ کەس و لایەنێك بۆی نیە بەبێ پرس لەسەر گرتنەوەی هەرشێوازێکی ئەم کتێبە بکات**

ناوی کتێب : کۆجیتۆی جەلال تاڵەبانی

بابەت: شیعر

نوسینی: سەلاّح جەلال

نەخشەسازی پەرتووك: سەرکەوت پێنجوێنی

دیزاینی بەرگ: دیاربەکر

چاپی یەکەم: ٢٠٢١

چاپخانە :جارانی سلێمانی

تیراژ : ٧٠٠ کتێب

ساڵ و شوێنی چاپ: ٢٠٢١– سلێمانی

*لەبەڕێوەبەرێتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان ژمارەی سپاردنی(١٨٢٦ ) ی ساڵی ٢٠١٨ ی پێدراوە لەبەرواری٢٣/١٠.



# بەرگی یەکەم

# ١

ئەمە درەختێكی عەلیقەیە لە ڕۆح (...)

تۆفانی نوحە لە ئەسرین!!

دوو زەریای خوێیە لە خوێن و گۆشت

چەقی زەویە لە چەوسانەوە

كۆتایی بوونە لە تەلیسمی ئەڤێنداری

هێمای دڵی بوركانی شەهیدە(..)

كوختی غاندیە لە لاپەڕەو كفن و مێژوو..

پەلكە زێڕینەی ماندێلایە لە یەكسانی

گەردەلولی شۆڕشگێڕی مام جەلالە

لە سیبریای خوێنی دەم (با) وە تیشك دەدات:

من بیر دەكەمەوە كەواتە من هەم (...)

***

لێرە دیکارت ئاسکیمۆی هاوینەی هەیە..

بیردەکاتەوە لە ژێر درەختی گلگامش (...)

خوانی مەسیحی هالاوی برسێتییە!

لەم دارستانی قفڵە مێژووە دەروازەکان کراوەن

تەنها دەرگای بوون داخراوە(..)!

لێرە سەفەری مەرگ نیشانەی گزنگە

کەوتنەخوارەوە ئاماژەی ئەستێرەیە!

جیهان لەم جوگرافیایەدا سڕاوەیە

مۆمەکان سێینەی من و تۆ و ئەوانن

کە کوژانەوە ئاگری نەمری دەگرنەوە

دەبنەوە بە مۆمی سولەیمان!!

***

لێرە گۆدۆیەك بانگەشەی خۆر دەكات (...)

گۆچانەكەی دەگرێتە مانگ!!

ماجەلانێك سێ گۆشە لە ئاوا دەدۆزێتەوە

عیسایەك موعجیزەی نەخۆشی پێیە!

موسایەك زەریا خۆڵ رێژ دەكات!

پەلكە زێرینە رەنگاڵەی عیشقی كافرۆشییە..

وێنەیەك لە نازەمەنا فەزای گرتەوە

رێی سیبریای ئەتۆم دەبڕێت!

شەترەنجی پارتیزانی جەنگی گەردەلولە

خۆی و شەش پێشمەرگە و ئەسپێك

لە گەردەلولی وشكبوونەوەو برسێتیا

سرودی ئەی رەقیب دەڵێنەوە (..)

***

ئێستا سەدەی تەقینەوەی بورکانی گڕوگاڵە

مام جەلالە رەمزی ریشاڵی تەکنەلۆژیە

لە خۆڵەوە چیرۆکی ئادەمی هەڵگرتووەو

لە ئاوەوە چەقۆی ئیسماعیل..

نەشتەری سەرملی ئەسپەکەی خستە ناو (**با**) (...)

پرۆمیسۆس و هۆمیرۆسی ژیانەوە!!

بوون بەشەترەنجی ئەفسانەیی شۆڕشگێڕی!!

***

چیا بوو بە ئەتۆمی خۆڕاگری (...)

ئەسپ سوارێك لە قەندیلەوە کەوتە ڕێ...

بەبای هەناسەوە گەیشتە تۆفان!!

دارستانی ڕۆحی تواوەی بەجێهێشت

ئەوە درەختی شەهیدە

چرۆی سەوزی دەرکردووە!

هێڵی ئاماژەی سڕاوەو کوژاوەیە!

مەزرای دۆشاوە خوێنی مێژووە

لقو چڵی بەهەناسەی مەرگ ئاوس

ڕەنگی وەك یەکیتی سەوز

ڕەگو ڕیشاڵی وەك شۆڕش

بەدەریای فرمێسك و خوێن تێکەڵ

بە(دابان قەندیل) ەوە وێنا دەبێت (..)

***

فەزا بە تابوتی شوشەییەوە ئاسمانی پۆشی (...)

دەرگای تونێلی رۆحی کردەوە

ئێستا ئاسمان نومایشتی یاری منو تۆو ئەوانە

ژیانەوەی سەربازی ون جیهانی گرت (...)

ئەسپی جەنگ رۆحی بە(تەڕوات) ەوە تێکەڵ بوو

کشمەلیکی سەرۆك کۆماری عێراقە!!!

***

شەترەنجەکە بەکۆمیدیای دانتی گۆڕا (...)

لە تونێلی بونەوە هەزاران بانگەشەی رەمزی

لە شوشەی فەزایا بریسکەیان دا:

مام جەلا ل کرایە سەرۆك کۆمار

ئاوێنەی بوون بەخۆرەوە تیشکیان گرت

بەبورکانی رۆمانی وێنەییەوە

لەخۆڵەمێشا جوگرافیای دەنوسێتەوە

من بیردەکەمەوە کەواتە من هەم (..)

***

ئێرە ناونیشانی جەنگێکە بێ سوپا (...)
گڵکۆی مێژوویەکە لە گەردەلول!!
کشتوکاڵی فەلسەفەی بێ زمانییە
تۆفانی پرسیارو گومانی ئەزەلییە
فۆتۆی دەنگی خەفەی (با) یە
شارا مێرولەی بورجی ئێڤیلی شۆڕشە
خاك و خۆڵی رەش سەوز دەکاتەوەو
شەپۆلی وێنەی ئەستێرە رەشە دەشواتەوە(..)

***

زەمەن ئاوێنەی سێینەی جاك لاكانە (...)

ئایندەو ئێستاو رابردوو هێلکەیەکە

ئاوێنەی شۆفێری گەردەلولێکی ناوەختەیە

بەتەوژمی تەکنە شۆڕشی مام جەلالەوە

شارای رەمزو ئاماژە تێکەڵدەبن

زمان لە تەنی فیزیایی پەرشدەبێت

شەتڵی مێشك بەرەگی مەرگەوە سەوز دەبن

ئەفسانەی بوون لە زەمەنی ناکاتەدا دەگەڕێنەوە

ئەسپێکی سینەمایی مێژووی گۆڕی (...)

بوو بەشەترەنجی تەکنەلۆژیای رۆح..

نیشتمانێك بەگەلاّی بەڕوو تۆمارە

جێماوەی رۆحی جەستەی تواوەیە (..)

***

لەم نیشتمانە چاپخانەیەك نیە؟!

زمانی هەسارەیی دایك یاسایە

فەزای گۆچانێکی فەلسەفییە (...)

پۆشو ئەستێی چاخی بەردینی گرتووە

بەبروسکەی زمانی فەزایی مام جەلال

بۆتە چیایەکی ئەتۆم (..)

***

ئەوە درەختی نیاندەرتاڵی نەمریە (...)

ئەوەیش جوتیاری ئێسکو رۆحە

مەزرای مۆرەغەی کوژاوە دەچێنێتەوە

هەسارەی بیرەوەری رەنگی هەڵگرت

وێنەو زمانی مێرووله دەشواتەوە

شیعر زمانی باڵندەی کێویە

بانگەشەی دوا فوی نەفخی ئەزەل دەکاتەوە (..)

***

ئێستا ئەم نیشتمانە چۆتە ئەو دیو نەبوون( ...)!

شاری شوشەیی جەستەیە (...)

بۆتە شارای ئەزمونی فەلسەفەو بیرکاری

ئەوە کوختی گلگامشە لە رۆحی وون  هەڵهاتووە

گیای نەمری لە گۆزەوە سەوز دەبێت

کراسی یوسف بەدرەختی یەعقوبییەوە موتوربە بوو

هەنگی مێژوو لە قەندیلا شارایان کرد!!

نەوەی سەرەتایی لە قۆزاخەوە دەترەکین (..)

***

ئێرە دارستانی جەستەی تواوەی دەم بایە (...)

بەگەڵای ئەزەلی پڕ بۆتەوە!

درەختی گۆچانی فەیلەسوفی زەوی پێوە

لە دارستانی رۆحەوە مەڵۆی بوون دەکەن

جیهان لە نەخشەی هەتاییدا مۆمیا دەبێت!!

****

تونێلی ئەفسانەیی جەستە و رۆح کرایەوە (...)

تیشك لە کەردەلولی زەریایا دەشکێتەوە

قەندیل بەگۆڕستانی شوشەیی مۆم رێژ کرا

لێرە وەرگێڕی رۆح مام جەلالە

زمانی هەناسەی خنکاو وەردەگێڕیت

هەزاران میل کشتوکاڵی زمان کرا

گەڵای لۆگۆس بەمۆمیابونی رۆحەوە سەوز دەبێت (..)

***

## ٢

**گۆچانی فەلسەفە یۆتۆبیای فۆتۆنی بڕی (...)**

**گەیشتە زیندەخەوی ڕۆبۆتەوە (..)**

**لالەی كۆسارانی دەگرتە ڕۆح**

**بەرەنگاڵە ئێستای وەك ئەو كاتە پۆشی**

**تیشكی دەروون كەناڵی ڕاگەیاندن بوو**

**هەموو گوێیەك بەبانگەشەی (مامە) پڕ بوو**

**بەدەشتایی خومخانەی غوربەتا پەرشدەبێت**

**مورووی ئاودار نازەمەنی دەگرێتەوە (...)!!**

***

**فەلسەفەی بێ زمانی وێنەی (با) یە (...)**

**لە کەوتنە خوارەوەی زمانەوە**

**وشە وشە کۆدەبنەوە**

**بە درەختی روانینەوە چرۆ دەکەن**

**دەبنەوە بە سوپایەك لە جوانی رۆح**

**ئەسپی شەترەنج لە قەندیلەوە دەجوڵێت**

**شارای هەنگی شۆڕش فەزایان گرت**

**مێژوویەك لە نا مێژوو تۆمار دەبێت (..)**

****

گۆچانێك رەمزە بۆ نهێنی پشتە مێژوو (...)

ئاوێنەی كۆجیتوی هەزار شەوەو یەك شەوەیە

ئەلیازەو ئۆدیسەی زەمەنی گرێی زانستی

وێرانە خاكی بابردوو

هەزاران رۆمانی هەناسەیی تیایە

رەنگاڵەی شیلاوگی ناو قۆڕاوو تاشەبەردو

خوێنی دامێنی كچانن!!

فۆتۆی وشەو قیژەو هاواری تێكەڵە خۆڵو

فەزای ناشێوەیی دەست و قاچ و كەللە

كەوتنە خوارەوەی زمانی ساوا لە مەمك...

رۆحی فڕیوی سەر لەپی دەست!!

شوشەی دارستانی  تێزابی رۆح

ئەو مرۆیانەی رۆبۆت شەتڵیان دەكردن (..)

***

زەریای وێنە شەپۆلی دوای بونی دەرکرد (...)

شارای پەرتوکی وێنەیی لە چاپ دران

بە واتاو پیت و حەرفی عیبری

زمانی بیرکاری دۆژەی رۆحن

وەرگێڕانیان لەسەر ناکرێت!!

وێنەی  پێشبینی هەستو نەست

ئامازەی قسەی شۆراوەی دەروون

وێنابوونی وێنان بەوێنەوە

جگە لە رەمزی لە خاچدان

خوێندنەوە بۆ وشەو حەرفی ناکرێت!!

وەك گڕوگاڵ و پێکەنینی شێت و وەلی

دابڕانی وشەی خەیاڵی فیکرو نەست (...)

***

ئەم وێنانە وێنەی وێنەکراوی وێنەن (...)

لەسەرابەوە چاوشارکێیان بۆ سەراب دەکرد!

تیشکیان لە ئەستێرە رەشە دەدا

بەشارای هەزارەها بانگەشەی مەرگ

بەخشەو چرپەی مرۆڤەکانی پشتە مێژوو

بوون بەزمانی رۆح و دڵی تواوەی تێزاب

تەنیا لەقیامەتی حەشاماتا دەخوێندرێنەوە (...)

***

**لێرە ئەفسانەی هۆمیرۆسی عەکس بۆتەوە(...)**

**مەلحەمە لە حەقیقەتا دەنوسێتەوە**

**ئەوە ماجەلانی  زەریای تۆفان وتار دەدات:**

**من بیردەکەمەمەوە کەواتە من هەم**

**فلمێك بەکۆڵیەوە شەپۆل دەدا**

**دوو مۆم ناونیشانی فانوسی سیحری زەمەنە**

**عومەری خاوەرو  کۆرپەکەی!!**

**فەزای دەست و قاچ و مەچەك تێکەڵ**

**پەخشی روانینی مەحشەریان سازاندووە(..)**

**دەنگێگ گۆی زەوی دەهەژێنێت:**

**مام جەلالە داینەمۆی مێژووی هەڵگرتووە**

**هەڵەبجە.. هەڵەبجە (...)**

***

کێ ناسنامەی ئەم بورکانە ئەتۆمییەی لایە؟!

خەردەل و روانین بەمانگەوە تێکەڵ کران

دەریاچەی خوێن شەپۆلیان دێت (..)

ئەوە مێژوی کوردە لە چرکەی مێژوو بڕا

وەکو ئاپوڕای کورە هەنگی بوون

لە فەزای ناشێوەییەوە بیری مام جەلالیان تەنیووە

لە هەر شارێك رۆمانێکی لێ چاپ دەکات

بەناو گەردەلولی بیابان و

شەپۆلی زەریای ناکاتەوە

دەڕوات .. دەڕوات

نەتۆفان رێی لێدەگرێتو

نەشەپۆل و تەکنەلۆژیا

فلمی رێبوارانی (با) بۆ جیهان پەخشدەکات (...)

***

**بەندەری بونەوەر زریان و گەردەلول گرتی (...)**

**سەرابی پرچ و وشەو گڕوگاڵی ناو (با)**

**بەزمانی دەرونی بانگەشەی رۆحی تواوەوە**

**پۆل پۆل فەزای ناشێوەییان سازاند**

**لە تیشکی ئەتۆمەوە وێنەیان خوڵقاند:**

**مام جەلال ناسنامەی نەتەوەی لە کۆڵایە (..)**

***

ڕۆح فەزای کراوەی بوون نەبوونی پۆشییەوە (...)

هەزاران دەنگ  بەگڕوگاڵ بانگەشەیان دەکرد

ئێمە کاراکتەری زەریای ئەم فیلمانەین

بەم فانۆسە سیحریانەوە بۆ کوێ .. بۆ کۆێ؟

وشەو زمان بوون بە وێنەی هیرۆکلۆفی

وێنەی یاخی لە فیکر  دەشۆنەوە

کەشێوەی گۆڕستان و مەحشەری شەهیدن

بانگەشەو دەنگ ڕەمزی خۆریان دەگرتەوە(..)!!

***

ئێستا مام جەلال دوا تابلۆی شێوەکاری بوونە (...)

وەك تریشقە هاواری جیهان رەنگ دەکات

چەقۆی ئیسماعیلی خستۆتە سەر ملی

بەدوا وشەی مەرگی عاشقانەوە

دوا قومی ژەهری سوقرات دەخواتەوە:

من نوێنەری گەلێکم لە ئەتۆم

خاکێك لە پێست و قژەسەر

نیشتمانێك لە ئێسك و مۆرەغە

من جەلال تالەبانیم وێنەی ئێوەم

بیردەکەمەوە کەواتە من هەم (...)

***

ئێستا ئاسمان دوو ئەستێرەی دوانەییە (...)

عەرەفات و مام جەلال لە فڕۆکەدان

بە ئاماژە کۆبونەوەیان ئەنجامدرا

تۆ بۆ روسیا و من ئەمریکا

پیرەمەگرون لەگەڵ کۆڕەوا وێنەی گرت!!

ئەوە ژنێکە ساواکەی فڕێ دایە چەمێکەوە

قوڕاوێك بەشیلاوگ رەنگاڵە بوو

منداڵێك لە برسا مرد!!

فڕۆکە هەموو دەنگێکیان لە قوڕاوا کوژاندەوە

عەرەفاتیش غەزەو ئەریحای مۆرکردەوە (..)

***

دەنگێك ئێستا جافایەتی پڕکردووە (...)

مام جەلالە گۆچانەکەی راگرتووە:

نوێنەری ئێوەو ئەوو ئەوانەی دواترم

لە مێژووی دوای مێژووەوە کەوتومە خوار

لە زمەنی دوای نازەمەن

پەرتوکی کوژاوە دەنوسمەوە

ئەو وشانەی کەرەنگی ئێوەیان کێشا

کەشتی موسا دەهێنمەوە

بەپێستی جەستە دەیپۆشم

شمشێری زامی ئەسکەندەرم دۆزیەوە!

لە پانۆرامای کۆجیتۆدا بیردەکەمەوە (..)

لەو ساتانەی کەبیرکردنەوە مەحاڵ بوو

ئەو رۆژانەی عەقڵ لە بیرکردنەوە یاخی بوو

لەو مانگانەی وێنەکانی بیر سوور ببون

ئەو ساڵانەی خۆر رەمزی شەهیدی هەڵگرتبوو

ئێستا هەموو رێیەك پەلكەزێڕینەی ووشەیە

سەفەر دەكەم بۆ ناو یۆتۆبیای مەرگەسات

لە خومخانەی مێژووا فلمی مەرگ دەشۆمەوە(..)

من بیردەكەمەوە كەواتە من هەم (...)!

* * *

## ٣

ویستم لەم کۆتایی مێژووەوە بنوسمەوە (...)

بەو زمانەی لە کەوتنە خوارەوە دەردێت

بەو وشەو حەرف و رستەو شێوازانەی

بەدەنکی هەنگەوە ببونە راداری رۆح

رەنگی وەك کەتو ئاڵو وا

وەك تۆفانی سیبریای قەندیل

وێنەی تۆڕی هەناسەی کەرکوك و

جەبەل حەمرین لە موگناتیسی ئەسیری

***

فۆتۆيەك لە تيشكى ئەستێرە رەشە

لە درەختى گەلاٚ رۆحى سەر لەپە دەست

فۆتۆى چياى سەرابى عاشقان و

دەشتى كشتوكاڵى شۆڕش (...)

دارستانێك لە زمانى ئێزگەى كوردستان و

زەرياى مێژوو لە نا مێژوو

گۆڕێك لە شوشەى شكاوى منداڵى و

لە فۆتۆناتى فيزيايى

بەمووروى ئاودارى مێژوو

ببنە وێنەى ئەوساتانەى لەناو تۆفانى گەردەلول

پەنجەت دەگۆڕا بە قەڵەم:

لەسەر پلە پەيژەى مەرگ نوسيت:

ماڤ چارەى خۆنوسينە بۆ كوردستان (..)

***

ئاوێنەی منداڵی جاك لاكان فەزای پۆشی (...)

بلیار پارچە شوشەی لیّ بووەوە

هەر تەڵزمێك رەمزی من و تۆو ئەوو ئەوانی گرتووە

هەر پارچەیەك مەلحەمەی زەمەنێك بوو

گەردەلولی فەلسەفە كۆی كردەوە(..)

***

ئەوە رەگێكە هەزاران چیرۆكی لا تۆمارە (...)

دەڵیّ: لێرە ئێزگەی عێراق كرایەوە

ئاوی دیجلەو فورات لە مام جەلال حەرام كرا

لەسەر پلە پەیژەیەك بروسكەی كرد:

هەزاران كورە هەنگی مێژوو دەوریان دا

لەگەڵ زایەڵەی ناكاتە مێشكی پڕ بوو

ئەسپی شەترەنج كەوتە جوڵە!!!

***

زەمەن بەئاوێنەی فەلسەفەوە وردو خاش بوو (...)

شەترەنج لەگەڵ ماجەلانا چووە ناو ئاو

پەیژە بوو بە وێنەی کۆشکی کۆمار

کۆبونەوە لەگەڵ جۆرج بۆش

رەنگی کریملن لەگەڵ پۆتین

ئەوە دوا ئاپورای زیندەخەوی مناڵییە

خەوی یوسف بوو بە زەمەنی فەلسەفە

ئاوێنەی کۆجیتۆ فەزا پۆش بوون (..)

***

ئێستا ساتی کۆکردنەوەی پارچە ئاوێنەی مێژووە

وا بەروانینی دیجلەوە قەڵەمەکەت دانایەوە

فەرمانی سێدارەی سەدام حسین

بەبی ئیمزا گەڕایەوە ؟!

فەزاو وێنەو روانین هێلکەیەکی ئاوێتەیی

هەورو مەرگ فەزای فۆتۆنی فیزیایین

لەگەڵ تەقینەوەی هەسارەدا تێکەڵاّو بوون

بەلێکدانی فۆتۆنەوە دەکەونە خوار

زمان لە نەبونی بونەوەر دادەهێنن (..)

***

لەم دۆژە سارایە فلمێك هەیە (...)

رۆمانێك کلیلو قفڵی مێژوو

روداوی چیرۆکی بورکان

تراژیدیای ملیۆنان مینی بیٚ ناونیشان

لەم تاریکخانە ئەبەدیەدا تیشك نیشانەیە

بلوێنان وێنە دەشوٚاتەوە

وێنەی تراژیدیا گەنجینەی ئەستێرە خاوەیە

هەزاران فلمی پشتە مێژووی شۆریەوە

بۆ نمایشتی چەرخی بیستو سیٚ (..)

****

ئێستا ئەستێرە فیزیای گەردون پەخش دەکات (...)

پاپۆڕی مێژووی سور پێستی ئاسکە

لە زەریاوە بۆ ڕێی تونێل

لە هەورووەوە شێوازی باران و گڕوگاڵە

لە بروسکەوە مۆسیقای مەرگەساتی تابوتێکە:

مێژوو بۆتە کفنی شوشە

سروشت تابوتی فەلسەفەی مەرگ (..)

***

ئاپورای باڵندەی کۆچ گەڕانەوە (...)

وێنەی هێلۆگلۆفیان سازاندووە

تابوتێکی شوشەییە

لە سندوقی دە راسپاردەکەی موسا

یاسای قورینەی حامورابی

لە بیری کنفۆشسی و گەریدەیی بوزا

لە خاچ و ئازاری مەسیح

لە رەمزی کفن و بەرگی غاندی

بەوشەی عیبری و گڕوگاڵی عاشقانە

نوسراوە مام جەلال (...)

***

## ٤

ئێستا زەمەن لە نغرۆ بون و نیشانەوە تەریب بووە(...)
سروشت بەرەنگی ئاوەوە وێنای دەکات
کۆلێژی ماف لە پەنجاکانی بەغدادا
نیگایەك تیشکی بڕیوەتە دۆڵ وچیا
ئێستا خەوی یوسف لە قەندیلە
دارستانی شۆڕشگێڕی سەوز دەکات
بەشەترەنجی (تەکنۆ پێشمەرگە)ەوە
ئیڤیلی بیر بەجیهانەوە تەریب بوو
نهێنی شەوو رۆژگاری رێبوارانی مەرگ دەبڕێت...

***

ڤیستیڤاڵی شەترەنج جوگرافیای قەندیلی گۆڕی (... )

ناپلیۆنی وەزیر جوڵا (..)

مام جەلال ئەسپ

سەرۆك کۆمار قەڵای هێنا

مام جەلال ئەسپ

ئەسپی مێژوو سارای بیرەوەری بڕی

ئەسپێك لە فلمی جەنگی واقیعی

لە تەکنەلۆژیاو بوون یاخی

ئەسپی زەمەن بەتونێڵەکانا سەفەری کرد

زەمەنی قفڵ کرایەوە

مام جەلال بەئەسپێکەوە کش دەکات (..)

***

ئەوە تابلۆی گەردوونییە وێنا بووە(...)

ناو زەنگی خستۆتە دەریای مردوو

بانگەشەیەك وێنەی عومەر موختارە

لەگەڵ گەردەلولی لما ئەسپی ون بوو

کچانی نیل بەگەڵای بوردیەوە هاتنەوە

مێژووی خۆی و ئەسپەکەیان نوسییەوە (...)

***

ئەوە فۆتۆی عەرەفاتە لە فڕۆکەدا..!

خانۆچکە بۆ قودس و کەرکوك دروست دەکات

جەمال عەبدولناسر پەنجەری کۆشکی کردۆتەوە

وشەکانت لە لۆمۆندا بەبینینی تەریب دەکات

بەتیشکی چاو فرۆکەخانە گڕ دەدا

ئەوقورعانەی عەماش و حەسەن بەکر سوێندیان پێخوارد

بەڕێی قاچاغی سوریاوە دەتخوێندەوە

وەك ئەو ساتە نیشانەبوو..

ئەوەیش ئاپورای سلێمانی رۆژی رەشە

زمانی شار لە هوتافێکدا گرمۆڵە بوو:

نوێنەرەکەی بارزانی مام جەلال تاڵەبانی

ئێستایش زەمەن لە خۆیدا پێچرایەوە

دەبڵ بۆش و هەموو عالەم

فلمی شیمیا باران دەبیننەوە!!

ڕێگای درێژی تۆڕی ئاماژە کورتبۆتەوە

قەلاّچوالانیش گەلاّی فەلسەفەی مەرگ سەوز دەکات

***

لەم مەحشەرە وێنە بیرەوەریی دەشواتەوە(...)

نیشانەی درەختی خوێن سەوزە

گەلاّ بە کەللە سەر وێنابووە

فۆتۆی ڕاڕەوی دۆژەیە

درەختی زمان بروسکەی بیرەوەریە

گەلاّ بەدەم خەزانەوە بۆتە فلمی ناکاتە

کۆنگرەی لاوانی چین و پۆڵۆنیایە

گۆدۆی کورد لە سیبریاوە سیبریا دەبڕێت

سیناریۆی مێژووی بەخوێن نوسیوە

کلاّو ڕۆژنەیەك کرایەوە

جیهان بە دەنگێکی خەفە هەژا!!

نوێنەری نەوەی خۆر جەلال تاڵەبانی

دەنگی جوگرافیایەك لە تونیلی بیرچونەوە(..)

***

لەو رۆژەوە رەمزی شێوازەکان گۆڕا (...)

ملوانکەی رەمزی شۆڕشی سوور

نیشانەی شەهیدی ناوەختەی کێشا

بوو بە گەوهەرو مرواری

خرایە ملی دابان

لە رێبەندانی سیبریای خوێنەوە

بوو بە پەلکە زێڕینەی زەمەنی نادیار

یەکەم دایك بەزەنگێکی ناکاتەوە کردیە ملی ..!

بوو بەکشتوکاڵی شۆڕش

گەلای هەزارانی سەوز کرد!!

***

سیبریا خاکی رۆحی تواوەوەی پێکهێنا (...)

گەردەلولی زەمەنی سفری گێڕایەوە

خاکیك لە بۆن و بەرامە

لە عەتاری گەردوونەوە بوو بە تابلۆ

لە بزیسکەی  چاوی برسی

گڕی کوژاوەی سەرە مەرگ

لە هێشووی ئاوسی زوخاو

ئاوێتەی هەناسەی شیمیا

بۆنی زەیستانی بەر رەهێڵە

عارەقەی گۆی مەمکی بەر گڕو بۆسۆ

تەزووی عیشقی تەکنەلۆژیای خەوو خەیاڵ

روانینی مناڵێك بۆ دوارۆژ

تینوێتی بریندارێك

گڕو ئاسۆی دوو عاشقی دابڕاوە

بۆنی برسێتی رۆح بۆ ئازادی

لە قەندیلا بوون بەبۆنی عەتاری بوون

فەلسەفەی مەرگیان نەخشاند

گژوگیاو رەگ بە رۆحەوە

گوڵ و گەڵاو لاسك و لالە

بەبۆنی خوێن و عارەقەی وشك

بە پەیکەرەوە گەنجینەی بۆنیان ژیانەوە

بۆنێك لە مام جەلالەوە فەزای پۆشی

دۆشاوی  بۆن جوگرافیایان رەنگ دەکرد

قەندیل لە قوتوی عەتاریەوە

دەبوو بەخومخانەی بۆنی  نازەمەنی مێژوو (..)

***

ئێستا ئێشکگری فەلسەفەی مەرگی ئەڤێنم.....

بەتامی تینوێتی رۆح بۆ تێزاب

سەوز بوونی عارەقی کرێکارێك

ئەم ساتە روبەرەکان دەچنەوە یەك (...)

پانتایی تەسك دەبێتەوە!

فەزا تاریك دادێت!

جیهان لە خۆیدا خۆی دەخواتەوە

پرچی ئایشەو فاتمە فەزای پۆشیوە

مەلی گەردون  کەوتنە سەر زمانی مەرگ

کەرکوك بوو بەستونی کێوی تور

بە کاریزمایەکەوە قفڵ بوو

بەوێنەی بیرەوەریەوە کرایەوە (...)

***

کەرکوك بورکانی خەففەی تەقاندەوە (...)

بوو بە موگناتیسی پەیکەری (مامە) لە قەلاّ (..)

فەزا بەهێزی وێنەییەوە زمانی گرت:

من جێماوەی مێژوویەکم لە خوێنی سوور

قوڕێك کە فەیلەسوفان شێلایان

پەیکەری هونەرمەندانی سریالیم

ئەوێنی عاشقانی رێگای خوێنم

نیشتمانێك کە نامۆبوون بونیاتی نا

گیای نەمری گلگامشم

چیای بیروباوەڕی شۆڕش

سیما و بالاّم مام جەلالە

خاکم لە جەستەو خوێنیەتی

رەنگم رەنگاڵەی هەوێنی رۆحی شەهید و

مۆسیقای ئازادی و تەکنۆ شۆڕش (...)

***

بابەگوڕگوڕ دەنگی سەدەیەکی تەقاندەوە:

بڵێسەم روانینی مناڵێکی سەرەمەرگ و

پێشمەرگەیەکی خوێن گرتوو

شۆڕشێکی خومخانە خوێن!!

گەلێك رۆحی لە سەفەری ناوەختە بێت

لەو دیوو نیشانەی بوونەوە لە دایك بێت

ئەوە تەنیا زەویەکە هێشووی رەمزە

ئاوی نیشانەی نەمری

نازناوێکە بەزمانی باڵندەوە ناو نراوە

پێشەواکەی مام جەلالە (...)

***

**فەزای كەركوك بەگۆچانی فیزیاییەوە شێوەی گۆڕا (...)**

**بووە بەپانۆرامای دڵێك!**

**كەركوك قودسی كوردستانە**

**ئێستا ئەو ساتەوەختەیە (مامە) گۆچانەكەی دانا!!**

**ئەو نەخشەیەم لە ئەنجومەنی عیراقا (..)**

**شاخی هێنایە ناو پایتەخت!!!**

**ئەو جوگرافیایەم كە لەناو دڵیەوە دەگڕا**

**بۆ كوردستان و بۆ كەركوك (...)**

***

روباری خاسە شەپۆلێکی ئەزەلی دا:

تنۆکەم رەنگی مام جەلالە

شەپۆلم روانین و هێزی شۆڕش

گەر کەرکوک دەمامك بکرێت

ئەو رۆژە نویٚ دەبێتەوە

کە بەجوگرافیای کەرکوکەوە

ئەنجومونی حوکمی شێت کرد!!

ئێستایش قوڕ و توانەوەو هەوا

وێنەی مام جەلالی تیایە

هەموو روخسارو روانینێك وێنەی ئەوە(...)

***

٥

ویستم ئەم ژانرە بکەمە تۆپی ئەدەب (...)

هەزار شەوەی بلوێنان شەو!

لە گەڵای (با) یا سەوز ببێت

هەموو وشەیەکی خنکاو بهێنمەوە

ببێتە فلمی پێکدادانی هەسارەیی

لە قەندیلا رەمزی ئەسپی جەنگی (با) بێت

بەرۆمانی شەڕو ئاشتی تۆلستۆوە تێکەڵ ببێت

نەخشەی رەمزی نهێنیەکان تۆمار بکات (..)

***

ئەسپێك كەناپلوێنی  خستە خوار(...)

كەسەلاحەدينی بردە قودس ؟

ئەسپی گەردەلولی عومەر موختار

ئەسپی تۆڕی ئامازەی جيهانێتی

ئەسپە جيهان بڕەكەی سولەيمان

بەرەو كۆشكی بەلقيس بفڕێت

ئەسپی زەمەنی سوارچاكی رۆمان نوسی و

سينەماو فەزای درامی ..

ئەسپی تەكنە شۆڕشی مام جەلال (..)

***

ئەسپ لێرە لە خومخانەی فەلسەفەیا شۆرایەوە(...)

لە فانۆسی سیحری مەرگەساتا أ

لە داستانی یانزە سوارەی مەریوان و

ئەسپی رائیدی عەبدول رەحمانی عەوفەوە

بەتیژڕەوانی زەریاوە رۆحی ون کرد!

چووە سەر تەختەی شەترەنجێك

باڵی ئەفسانەی کردەوە

گوتی: من پاشماوەی داستان و رۆمانی بوونم..

من نیشانەی زەمەنی فەلسەفەی مەرگم..

لە شۆڕشی سەوزی قەندیل ژیامەوە (..)

***

ئەسپ لە بیرەوەری تۆفانەوە فاکسێکی کرد:

کوتی: ئێوە کێن و ئێرە کوێیە؟

کێ مێژووی لەناو مێژوودا لە بیر ماوە؟

من لە دەفتەری بیرەوەری شوانێك نوسرام

بەتونێلەکاندا سەفەری کرد

لە ئەفسانەی ئەتۆمەوە لە دایك بووم

ئەسپی ئەسکەندەری مەقدۆنیم

کاتێك جەنگی خستە ناو ئاو

منی دایە دەست رەشەبا (...)

***

ئەسپ گوتی: من جێماوەی عاشقانم

کاتێك عەشق کۆتایی هات

لە ئەستێرەی کافرۆشیەوە سڕ کرام

لە قەندیل کەوتمە خوارەوە

رۆمانی سەفەر کۆتایی نەهاتبوو

بووم بە رەمزی ئەسپەکانی جەنگیزخانو

خودا کۆمەڵە مەڕێکی نارد

لە وێرانە خاکی حەقیقەتا بوم بە شەترەنج

لەم قەندیلە کەوتمە جوڵە

تەختە تەنها منو مەلیکو شەش سەرباز

دەیان شەترەنج بە (تەکنە یۆتۆب)١ کەوتنە یاری

مام جلال بۆ تۆفانی شۆڕشگێڕی منی جولاّند (..)!!

***

ئەو رۆژانە فەزای ئەم درەختە سوور بوو (...)

ماوو لینین و هۆشی منە لە گەڵمان بوون

رۆژێك چەند كەنجێكی شاری هاتن

گوتیان: كێتان مام جەلالە؟

بمانكاتە سەربازی شەترەنجی بوون

یەكەم جوڵەم ئەو ساتە بوو:

ئەوان  رۆحیان لە سەر دەستیان راگرتبوو

قەڵایش لەكەڵ با (یا) تێكەڵ بوون و

یەكەم وتاری مام جەلال  پەرشكرا

چیرۆكی گەلاّی رۆژی رەشی

لەسەر بەردی چیای قەندیلا تۆماركرد (...)

***

ئێرە كوێیە؟ نیشتمانێك بوو لە كوێری (...)

خاكێكی دۆزە میكرۆسكۆبی فیزیایی

بیٚ دەروازەو كلاٌورِۆژنە

سیبریایەك رچەی لیٚ كشا بەرەو خۆر

سەفەری مەرگی رێبواران بوو

بەشارای میرووڵەوە بوو بە ناوزەنگ

بوو بەئەفسانەی مەحشەری

لێرە رۆژنامە بەهەناسەوە چاپ دەكرا

خوێن دەبووە چرا فانۆس

لێرە كەسێك ببووە ئەفسانەی رۆح

لەسەرگەلاٌو بەردو دارو پەڕ نوسرابوو

ئێرە هێڵی رەنگاڵەی گەردەلولی پێشمەرگەیە

بە مام جەلال و یەكێتی ناو نراوە (..)

***

لەگەڵ شوێن هەنگاوی  مەرگتا هاتم (...)

تا داستانێك بنوسمەوە مێژوو ببڕێت

بە دابان قەندیلەوە تەریب ببێت

وەك چیایەك لەناو دڵی عاشقانا

یا درەختێکی سیدرەیی لە جەستەو رۆح

بێشکەو گۆڕی نیشتمان بێت

کفنو بەرگی لە مۆسیقاو ئۆپێرا بێت

بە دەم کۆچی باڵندەوە کۆرس بکەن

ئەو داستان و گۆرانیانە بڵێنەوە

لە زمانی ژن و گروگاڵی مناڵانە

کەبەوشەی یەکێتی و مام جەلال

فەزای رۆژانی غوربەتیان دەدوریەوە (..)

***

ئەم درەختە رۆحی ژنێکە لە گەرمیان (...)

لە سەمای مەرگەساتی ئەزەل

بەکەتیرەی تفی زمان گۆرانی گوت

لەگەڵ دوکەڵی شیمیایدا سەمای دەکرد

بەسرودی ئەی رەقیبەوە مۆمیا بوو

چاوێکی لەسەر لێوی ساواکەی و

بەوی تری توانەی رۆح و جەستەی (..)

***

شەپۆلێكی یاخی فەزای ئەم ساتەی گرتووە(...)

یاخیە لە بونو بوونەوەر

لە ویژدانو پێنج هەستەكە

كێ وشەی لێوی كۆرپەیەكی لە بیرماوە؟

یا وێنەی هەناسەو دەرون؟

كەوتنەخوارەوەی لێوی ساوایەك لە مەمك

لەسەر تەرمی ژنێكی شاخ ؟

كێ زمانی شیمیا باران وەردەگێڕێت؟

كێ دەتواتێت وێنەی ئاخێك بگرێتەوە(...)؟

***

درەختێك حیكایەت خوانی زەمەنە (...)

گوتی: ئێرە فەزای پەخشی یەكێتی بوو

مام جەلال پانۆرامای شۆڕشی دەكرد

رۆژێك شەترەنجەكەی ریز كرد

لەگەڵ هەواڵی ئێزگەكان مووی كرژ بوو

نامەیەكی بۆ ئەمریكا دەنوسیەوە

پێشمەرگە وەك كورە هەنگ دەوریان دابوو

لەپڕ كەوتە زەریای بیركردنەوە(..)

لەسەر شەترەنجەكەی مات بوو

بەشەپۆلی گەردونەوە ئەسپی جوڵاند (..)

***

درەختێك لە نازەمەنەوە هەڵتۆقی :

من هاو بیری مام جەلالم (...)

من کۆجیتۆی زەمەنێکی دەنوسمەوە

ئەو رۆژانەی دەچوو بۆ چین

گوتی: دەچم بۆ لای نەوەکانی ماوتسیتۆنگ

پەکین بە گۆرانی شۆڕشی سوور داخرابوو!!

لەناو زەنگو قەندیلەوە دەهاتە گوێی

تادەوڵەتێك بەئیسك و خوێن پێك بهێنیت

بەئاگری (با) وە مۆسیقایەك لێدەدرا

نیشانەی دەخستە فەزای روانین

هەشت پەرتوکی ماوتسیتۆنگ پێچرایەوە:

دەوڵەت لەم وشانە دروست دەکرێت (...)

***

پەرتوکی سوور سێبەری منی پڕکردبوو(...)

گەلاّو لق و پۆپم وشەی سوور بوو

فەزای جیهان ترس و گومانی هەڵدەڕشت

واشنتۆن و مۆسکۆو چین و بەرلین

فلمێکی دیکۆمینتی مەرگ پێشکەش دەکرا

هەوا وێنەی جیابوونەوەی کەللەو رۆحی دەدایەوە

گەلاّ خوێنی رەنگاڵەی کچانی دیل

زەمەن تراژیدیای مەرگی پێشمەرگە (..)!

***

درەخت گوتی: فەزا تاریکخانەی وێنەکان بوو(..)

مام جەلال وینەی سڕاوەو کوژاوەی دەشۆریەوە

ئەو حەرفانەی لە هێزی باوە دەهاتن

ئەو وشانەی لە خۆڵا کوژابوونەوە

دوا سات نەخشەی زەمەنی تێکەڵ کرد

ئەسپی شەترەنجەکەی جوڵاند

هەزاران وێنەی تەوژمی کارەبایی دەهاتنەوە

ئەستێرە رەشەیان مۆر دەکرد (...)

***

یەکەم زەنگی شۆڕش ئەستێرەیەك کشا (...)
دارستانێك بەرۆحی تواوە سەوز بوو!!
مەڵۆی جەستە پەرژینی بوون
کشتوکاڵی شۆڕشێك بەخوێن و عارەقە دەکرا!!
سرودێك ناوەزەنگی گرتەوە
بابەگوڕگوڕ بەبومەلەرزەوە لەرزی :
(لە قەندیلی سەربەرزەوە وەلاًمت بۆ دەنێرمەوە
هاوڕیان توخوا هیمەتێك رەنگە ئیتر نەتبینمەوە)
***

**تیشکی ئاوێنەیەك  لە بەردەوە ڕەنگی هەڵگرت...**

**تاشەبەرد بو بەفۆتۆناتی فیزیایی**

**خولی ئەستێرە زەمەنی ئاوێتەی پڕکردەوە**

**دوا ئەستێرە لە سێی دەی دوهەزارو حەڤدە**

**فۆتۆی مێژووی شۆڕشێکی نمایشت کرد :**

**سەرەتاکەی نامەو وێنەو شێوەی بەرد بوو(..)**

***

بەرد زمانی لە بێ زمانی تۆڕی ئاماژەوە هێنا (...)

قەندیل بوو بە پانۆرامای زمانی باڵدار

کارگ رەمزی ژیانەوە!!

بەئەستیرەی گەڕۆکی گیان فیدایی

بڵێسەی گەیشتە بۆشایی!

چیا بوو بەرەمزی دایك..

قۆزاخەی کۆرپەو تۆو رشتن!

کەڤ برسێتی و مردنی شیتەڵ دەکرد

بەبیری (تەکنە شۆڕش) ی مام جەلال

جوگرافیایان رەنگاڵە کرد (..)

***

ئەسکەندەر لەسەر دیجلە راوەستاوە(...)

چاوەڕێی شۆڕشی بەردە

بۆ تفە وشکی ساوایەکی بەر گەردەلول

لە لەچکی دایکیەوە داچۆڕابێت

لەگەڵ شیلاوگی سەربەردێکی بەجێماوە

برینی تاعونی عیشقی مەرگەساتە

چاوەڕوانە زەمەن بچێتەوە دواوە

ئەسپەکەی بۆ بگەڕێتەوە(...)

***

حامورابی یاسای قوڕینەی نوسییەوە(...)

(زیۆس و ئەسینا)ی نارد بۆ ناوزەنگ

بۆ سڕینەوەی سڕاوەکان

نوسینەوەی کوژاوەکان (...)

***

ئێرە ناونیشانی زەمەنێکە لە تفی هالاْوی برسێتی (...)

ستالینگرادی مێژوو بچڕان!!

رێگاکان لە تیژەڕەوی ئەسپێکەوە

کورت دەکرێنەوە بۆ قەندیل (..)

***

سوپای فیرعەون لەسەر نیلا ریز کراون (...)

ئەوە گۆچانی موسایە ئاوی بۆ کراوە بەخۆڵ

گۆچانی فەلسەفەیش خەتی راستی بڕی

لێرە نیوەی جیهانی دیاری کرد

ئاوێنەی فەلسەفی سوڕایەوە

ئەوە مام جەلالە لەسەر بەردێك

لە قەندیلا کش مەلیکی کۆمار دەکات

ئەسپەکەیشی لە زەریاوە

بۆ قەندیلێکی تر دەڕوات (...)

***

## ٦

لەم کۆتایی مێژووەدا ویستم دارِنی ژیان بکەم (...)

لەگەردەلولەوە رۆمانی پشتە مێژوو بنوسمەوە

یا دارستانی ئەفسانەیی نیاندەرتاڵ

ئەستێرەی بیرەوەری بشواتەوە (...)

واقیعو بونو نەبون تێکەڵاو کات

لە زمانی کۆست و شیوەن و هاوارەوە

تاخنکاوی خوڵە پەتانێی (ئەنفال شیمیا)

ببنە زەمەنێك لە نازەمەن

هەتا مەرگەساتی مۆڵی مێژوو تێکەڵ بکەن (...)

***

لەم کەرنەڤاڵەدا زنجیرەی زنجیرەی مێژوو قفڵە (..)

رۆمانی بیرەوەری بەرد دەنوسرێت

وێنەیەك هەموو جوگرافیای گرتووە

رۆحێك بەتونێلەکاندا هاوار دەکات

مام جەلالە بەرگی تەکنە شۆڕشی پۆشیوە:

شۆڕش... شۆڕش...

***

تەلیسمەکان درێژدەبنەوە بۆ کۆتایی!!

زەنگێك دێت لە کورە هەنگی جیهانەوە:

مام جەلال کاتژمێر سفرە

مەرگی شیرەخۆرە مێژووی نەخشاند(...)

***

ئەو زەنگانە بوون بەمێژوو لە مێژوودا (...)

وەك  شارەهەنگی گۆی زەوی

لە ژێر درەختی سوورەوە دەهاتنەوە

جوگرافيای گەردونيان نيشان دەدا

زمانی هەنگو كوترو ئەژديهاو ئادەمی

لە كۆجيتۆی مام جەلالا وەردەگێڕدران

لە زەريايا جامانەكەی دەكردەوە

ئەو ساتانە دەپێچرانەوە بۆ فەزا

بەوێنەو رۆمانی مەرگەسات ئاوس دەبوون

گەردون لە بێزمانيدا قفلّ دەكرا (...)

***

قەڵەم لەو وشەو حەرف و رستانە نامۆ بووە (...)

زمانی باوك لەسەرە مەرگی کۆرپەکەیا

یاکزەی جگەری دایك

یا تەزووە مەرگێکی بورکاناوی

لە کەوتنە خوارەوەی عیشقەوە

بڵێسەی دوو دڵی خۆڵەمێش بوو

گڕی چاوی کرێکارێکی کانە خەڵوز (..)

***

ئەو تەزووانە لە سوزی حەرفا تواوە(...)

قەڵەم یاخی لەو وشانە

مەرەکەبی زەریاش وەك خەستە وشك وشك

لاپەڕەی بوون سپی سپی

وەك سەرەتا و کۆتایی بوون (...)

***

ویستم ئەستێرەی خاوی فیزیایی رابکێشم (...)

وێنەی سەد ساڵی رابردو بگرێتەوە

وەکو دوو کۆرپەکەی (قصی)

لە بڕینی پەنجەی لچکاو

لە دڵۆپەی تراژیدیا خوێنی

بەنی ئومیە و بەنی هاشم !!

وێنەی سرپەی کورە هەنگ و گەرا بگرێت (..)

ئەو کاتانە بسڕێتەوە

کە مەرگ لە ژیان یاخی دەبوو

گوڵ لە لاسك (..)

***

لەم ساتەدا ئاوێنەی بوون تێکەلأوە(...)

قولەی قاف زەنگی ناکاتەی خستە لێدان

ناوزەنگ چرپەی گەیشتە جەبەل حەمرین

قەندیل دابان گۆیژەو حەساڕۆست تێکەڵ بون

دەشتو چیاو گردو دەریا پێچرانەوە (...)

***

رێکەوتە مێژوو کەوتنە خوارەوەی وشەیە (...)

شەپۆلی تابوتی شوشەی (با) یە

ئەفسانەی جیهان ئێستایەکە لە ئێستادا

فەلسەفەکەی بۆلیتزەرە هێلکە لەچی ؟!

هێلکە رەمزی دایك و جوجوڵەی کردەوە

دڵۆپەی ئەو خوێناوانەی بەبەردەوە دەنیشتنەوە

ئەو کچانەی بەرەنگاڵە کرانە ژن!!

خومخانەیك لە چاوی برسێتیەوە رەگی دەکرد

چيا بەبالاْو دەشت بە مۆرەغە (...)

***

ويستم دەرياچە بە مۆرەغەو ئێسك وێنا بكەم (...)

هەتا دورگە دورگەی ئاوارەيی بگرمەوە

لە تاريكخانەی وێنەوە زەمەن مەرگە

زەريا رۆحی سەرابييە

نيشتمان چووە ناو زەريای بيرەوەری

وێنەی هەناسەی رەشە با

بەناو زەمەنی دورەوە تونێل دەبڕێت

دەبنەوە بە دەسرازەی گلۆڵەيەكی گەردونی

هەمو شتێك لە روّحا دادەڕمێت

زەريا بە خوّلاْ خوّی دەپێوێت

تۆفانی روانين دەبێتە وێنەی بون و نەبوون

لە هەناسەی باوە روانينی مەرگ دەهێننەوە (...)

***

لەم کۆتایی مێژووەوە ویستم ببمە وێنەکێشێك (...)

جیهان لە رەنگی تاعونا بنوسمەوە

لەو کارگانەی لە قەندیلا هەڵدەتۆقان

بێ نان و خوێ قۆزاخە بوون

ئاوێنەیەك لە پشتە مێژوی خوێن بەندان

فلمێکی دیکۆمینتاری کارگ و مەرگی

بەئەستێرە رەشەوە وێنا کرد

بەگزنگەوە شەفەقیاندا

کارگی هەزاران کاتژمێری ئەم رۆژەیان

لە قەندیلەوە تۆمار کرد (...)

***

**رۆمانی یەك شەوو هەزار شەوە سپی سپی** (...)

**کۆمیدیای هۆمیرۆس گەڕایەوە بۆ دوای ئێستا**

**برۆمیسۆس لە کافرۆشیدا وێنەی هەڵگرت**

**زنجیرەی زنجیرە لە تاشەبەردا تۆمار بوو**

**لە زمانی لۆگۆسەوە نیشاندرا**

**لە تونیلی رۆژگارەوە هەزاران بانگەواز دەهات**

**بریسکەی ئەتۆمیان دەدایەوە**

**نەخشە نەخشە دەهاتنەوە رۆحو جەستە** (...)

***

ویستم سرودێك دابنێم تیکەڵ بەزمانی گۆڕەشار (...)

بەئیحای مەرگو وشەی تواوەی ناو گەرو

بەزمانی فلیقانەوەی مێروله

کەوتنه خوارەوەی هەرەسی بەفر

له ئیحای شێوەو دڵداری چیا و چیا

مۆسیقایەکی تێکەڵەی ئاوازی رۆح

هاواری یوسف له بیرەوه دەربهێنێت

بیانخاته گەروی هابیل

قابیل ببێته سیانزەهەمین کوری یەعقوب

ئورشەلیم بگەریتەوه بۆ پێش موسا

داود هەیکەلێکی تر بینا بکات

خوێناوی دێجوری رۆژگارەکان بسرێتەوه

***

رووداوەکان بون بە ئاوێنەی فەلسەفی

زمان لە رۆح و عیشق لە دڵ

زەمەنێك نەبووە فەلسەفەی مەرگ؟

ئەو رۆژانەی بەئەستێرەوە وێنا دەبون

ئەو ئاکرانەی لە گەروەوە دەهاتنە دەر

ئەو کەفەی لەسەر زمان دەبوو بە هەویری وێنە (...)

***

لەم كۆتایی میژوەدا ئاوێنەكانم كۆكردەوە..

ویستم تەكنەلوژیا لە زمانەوە دابهێنم (...)

هەسارەیەك لە حەرف

نیشتمانێك لە جوانی دڵداران

ئاسمانێك لە جاجمی مەرگی وەلی

زەویەك لە تابوتی فەلسەفە

هەواو فەزایەكیش لە رۆح

تابوتو گۆڕێكی تەكنەلۆژی بهێنمە ناو دەباشانو

رۆحت بگێڕێتەوە بۆ گلگامش

زەمەنی ئەسكەندەر بێنێتەوە

پۆپەشمینی مەرگ مۆمیا بكرێت

ببێتە تارایەك وەكو ئەمڕو

هەتاوێك بو ئازادی و

هەورێك بۆ ئالأی  نیشتمان (...)

***

ویستم تابلۆی سەربازی وون بنەخشێنم

فیشەکی شەهید ئارامت بۆ بێنمەوە(...)

گۆچانی عەلی عەسکەری

قەناسەکەی مامە ریشەو

ریشەی جگەری حەمە رەش

عیشقە مەرگی تایەری حاجی عەزیز

زمانی سەوزی ئاسۆی دەلاك

سەدان شێری زنجیر لە مل

پۆل پۆل هاوڕیانی مەرگ بچنە قەندیل

رەمزی  شەهید لەسەر گەڵاو بەرد هەڵکەنن

کۆجیتۆی شۆڕشی بەرد بنوسنەوە

لە رۆحتا وێنا ببنەوە(..)

گۆچانەکەت  بۆتە فلمی دیکۆمینتار

له پێشمەرگەیەکی برسیەوە

هەتا کۆشکی سەرۆك کۆمار(...)

***

ویستم لەم ساتەدا  وەك گودۆ بگەڕێیتەوە(...)

له کۆشکەوە ببیته داینەمۆی  قەڵاچوالان

شاخ و کێوو دەشت بلەرزێت

مێژوو بچێته ناو سەدەی بیستو سێوە(..)

***

ئێستا کشتوکاڵی شەتڵە گیای فەلسەفەیە (...)

گۆچانەکەت دەخەمە گیای نەمریەوە

لەگەڵ گۆچانی سولەیمان ریزیان دەکەم

ئێستا سەدەی سفری روانینە

زەمەنی ناکاتەی نوسینەوەی کوژاوەیە (...)

***

ئێستا قەندیل چاوەڕێی سیمای مام جەلالە (...)

هەتا وزەی کارەبای رۆح هەڵکاتەوە

شاری روانین مۆم ریژ بکات

پێچەوانەی خەوی ئەخناتۆن بۆ یوسف (...)

حەوت گوڵە گەنمو مانگای لەڕو وشك

حەوتی قەڵەوو سەوز بخۆن

مامە وەرە ئەوە ئەسپ و گۆچانەکەت

خەوێکی نۆیٚ لە کشوکاڵی بوونایە (..)

***

ئێستا فەلسەفەی مەرگ تۆڕی ئاماژەی کردەوە

ئەسپ لە تەکنەلۆژیای مەرگەوە بوو بەرائید(...)

حەوت شوێنکەوتەی شەترەنجەکەیان گرتەوە

لەگەڵ یەکەم جوڵەی ئەسپپێکی تر

فڕی بەرو دوندی توانەوە

هەتا زمانێك لە بێزمانی مەرگ دابهێنێت (..)

***

گێژەڵوکەیەك قەندیلی پێچایەوە(...)

تونیلی خەففەی مەرگەسات کەوتە سەر پشت

دەنگی لانە روخاوو سەربڕاو

هەناسەی رێبوارانی سەرە مەرگ

رەنگی گەلێك بۆ ئازادی

شارێکی فۆتۆییان لە رۆحەوە ژیانەوە(..)

***

شارێك بە شورای چین تەنراو (...)

بەزنجیرەی جودی بەستراو

مێرولەی بوون قۆزاخەی تیا دەکردەوە

خۆڵی لە توێخی پێشمەرگە

دەریای لە عارەق و خوێن و ئەسرین

هەوا لە هەناسەو گڕو بۆسۆ

شوشەی لە عیشقی دڵداران

کشتوکاڵی لە تەزوی کرێکارو

ئاگری لە بڵێسەی دەروون (...)

***

شارێك لە هەورەوە پەڵەی هێنا (...)

سەوز نوسراوە: یەکێتی

شین: نیشتمانی

سوور: کوردستان

**سپی: وێنەی فۆتۆییە (...)**

**بەگەوهەری شوشە زەریای زەمەنەوە**

**پیت پیت چەند جارەی رۆحێکی نوسیەوە:**

**ما**

**م**

**جە (...)**

**لا (..)**

**ل (.)**

**٢٠١٨/٨/٢٩**

***لەرۆژنامەی کوردستانی نوی ژمارە ٧٦٧٩ لە ٢٠١٨/١٠/٣ بەچوار لاپەرە هەموی بڵاوبۆتەوە.گۆڕانکاریەکی کەم هەیە .**

# کۆجیتۆی جەلال تاڵەبانی

## سەلاح جەلال

## بەرگی دووەم

## ١

ئێرە ناونیشانی ژمارەی لۆگۆسی مەرگە(...)!!
چیای مسی زولقەڕنەینی ئەتۆمیە
لە دوای هێڵی ئیستیواوە هاتۆتەوە!
تونێلی بەوری بەیانی تێزابە ژەهری مێژووە
هەوا بەبای زەیستانە وێنەییەوە دەبێتە هەور
هەور بەئاوێنەی رۆح چونەوە دەتوێتەوە
کشتوکاڵی دۆشاوە خوێنێکە لە رۆحا وشك
لە کاروانی فریشتەی مەرگ بەجێماوە
بە تەزووە خوێن رایەڵی رێی مەرگ دەبڕێت
خومخانەی تەلێکسی پشتە بوونی مەحشەریە
مۆرەغە لە تێزابا سەوز دەکات
دۆژە رێی جێ پێیەکە ناونیشانی لە ناوزەنگە
لە زمانی نێزەکەوە بەمام جەلال وەرگێڕدراوە(..)

****

**ئەم زەویە شەوارەی وێنەی وێنەیە(...)**

**تازە مەنفای رەگی ناوزەنگە بۆ جیهان**

**سارای گیانبازی مەرگە بەمەرگەوە**

**نێرڤانا تاریکخانەی رەنگی رۆبۆتی رەنگاڵەیە**

**لە ئەستێرە خاوەوە  دەردەکەون**

**بەچاوشارکێی زەمەنی فەلسەفیەوە**

**ئاپورای مرۆی دازاینی بۆ کافرۆشی دەگوێزنەوە**

**بەرەمزو هێمای بورکانی رەشە(با) وە**

**لە تونێلی ئەتۆمەوە مان یا نەمان دەڵێنەوە (..)**

*******

لەم زەویە مەرگ کامێرای شەوارەیە(...)

بەگەڵای بوردی رۆحەوە وێنەی وێنە دەگرنەوە

رۆمانی هێرۆغلۆڤ گڕوگاڵ و ئاماژەیی

کاراکتەری فلمێکن لە گەردەلولەوە گەردەلول دەبڕن

بەفۆتۆنی فیزیایی تەلیسمی شەوەزەنگ

زمانی خەففە لە بەردی رۆح هەڵدەکۆڵن(...)

ئەو مرۆیانەی گیانیان بەخاك و خۆڵ بەخشی

لە کشتوکاڵی نێرڤانا بەپێشمەرگە شەتڵ کران

بوون بەرۆبۆتی دۆژەو بەستەڵۆك و زریان

لە پشت زەمەنی بوونەوە مەرگیان دەگوتەوە(..)

***

لەم تاریککخانەیە زمان ئامادەی پشت زمانە(....)

روانین لە هەویری وێنەوە وێنا دەبێت

بروسکەی سەراب کاراکتەری درامایە

رۆبۆتی رۆح دوا هێڵی نیشتەجێی گرتووە

کوختی رێبوارانی هێڵی ئیستیوایە

بەچرۆی فیردۆسی رۆحەوە بەپێشمەرگە ناونراوە(..)

***

لەم نیشتمانە بروسکە زمان و نیشانەو ئاماژەیە(...)

فەزا بەجەستەی فلچە بۆیاخی داپۆشراوە

بە دۆژە ئاخی توانەوەی نەوبوکەوە رەنگاڵەیە

مەنفای فیکر گۆڕی شوشەیی ئەوانی دواترە

زەمەن لە زمانی دازاینا نیشتەجێیە

وێنە بەتولە رێی مەرگەوە مۆمیا دەبێت

لەگەڵ ئاوازی بیتهۆڤن دەبنەوە بە گەڵای زەمەن

بەوری تۆفانی بوون بەمۆسیقای دەرونیەوە

بەمێروولەی تەلێکسی رێگای بەغا دەدورنەوە (..)

کاژێرێکی ئەتۆمیە تەکنە رۆحێك فەزا دەگرێت

لە کشتوکاڵ و دەشت و کێو بەمام جەلال سەوز بووە(..)

***

زەمەن سيبريا ئاوێنەی ژمارە سفری مەرگەساتە (...)

بەئەليازەو ئۆديسەی خوێن زمانی گرت

بەعيبری مێژووی تۆمار بوو!!

لە ئەهرامەوە بەردی (بيبی) هەڵکەنراوی سڕيەوە

بە هەناسەی ئاوێتە خوێن و کێمو شير

ئەفسانەی مەرگێکی شۆڕيەوە

ئەوە پەيکەرەکەی ئەنجيلۆيە رۆحی بۆ دێت

کۆپی رۆحی فيساغۆرۆس فلمێکی ديکۆمێنتە

دەنگێك لە هەسارەی بيرەوەری بوو بەبورکان

مام جەلالە کەفو ليك وسوتوی گەرميانی گرتووە

ساوايەکی شەختە شيميای لە سنگايە

نمايشتی هەزارەی سێ بۆمەحشەرو جيهان دەکات (..)

***

**ڕاڕەوەکان درێژ دەبنەوە بۆ ئیستوا(...)**

**سێگۆشەی کۆپی کردنەوەی ڕۆح لە مەنفایە**

**شارێك بە کەرنەڤاڵی فەلسەفە دروست بووە**

**(بتاح)و(ئامون)و(هۆدۆس)بوون بەتۆوێك**

**(مەنفا و ئادفۆ و تەیبە) بە بای زەیستانی توانەوە**

**لە کشتوکاڵی شیمیاییەوە تەونچنی شیلاوگیان کرد**

**ناوزەنگ و کۆشکی کۆماری بوون بەمەنفا(..)**

***

فەزا بەپەیکەرێکی فۆتۆنی رەنگی گۆڕا (...)

پەیکەرتاشی بوون کفنی هەزارەیان پۆشی

ئەستێرەیەك مێژووەکەی نوسیەوە:

ڤیستیڤاڵی تراژیدیای وێنەی گرمۆڵە بووی فەزا

لە تەقینەوەی بورکانی زەریای خوێیا نومایشت بوو

لە زمانی مەرگەوە شەترەنجێك تەونچن کرا

بەچوار رەنگی فۆتۆنەوە رەنگاڵە بوو

ببووە پەیکەری زمانی شاراوەی ناو با

بەوێنەی هێرۆغلۆڤ بە مام جەلال وێنەی نەخشا(..)

***

زەمەن لە هێلکەی فەلسەفەیا فلیقایەوە(...)

رۆحی نیاندەرتاڵ بە تۆڕی ئەهرام تێکەڵ بوو

نیلی رۆح چون کۆپی هەزاران رۆحی کرد

پێشانگای نامێژوو مێژووی بە دازاینەوە گرێدا

نەوبوکی نیل مەنفایان بەگەلاّی بوردی داپۆشی

بەزۆنگاوی بوونەوە وێنەی دەرونیان شتەوە

لە کەرنەڤاڵی دۆشاوە مەرگەوە تەریب ببون

پاپۆڕێك هات دەنگ و رەنگی کۆکردەوە

مام جەلالە بەشارا فلمی مەرگەوە جیهان دەبڕێت(..)

***

## ٢

نێرڤانا لە جوانی رۆحا رەنگی تێکەڵ بێڕەنگی بوو(...)

بوزا لە گەڕیدەیی سەدەکانا چاوەڕێیە

بە دەزووە خوێن و عارەقەی شەختە گرتوو

رۆمانی تواوەی دەروون وەربگێڕێت

بەشیلاوگی قوڕاوەوە نێرڤانا پڕ بکاتەوە

لە پەیکەری ڕەنگاڵەیی فۆتۆنی (مام جەلال)ەوە

بەگۆڕە شارو مۆخ و مەمە و دەست و پەنجە

بە کەشی هەڵەبجەو جافایەتی و بارزانەوە

بە شەستە بارانەی جوانی مەرگ

کۆپی کردنەوەی رۆح بکات(..)

***

(ڤیدا) بە ئیبن عەرەبییەوە جوت بووە(...)

(عەشتار) و (مەردوخ) باب ئیلۆیان داخستەوە

حامورابی چاوەڕێی زێۆس و ئەسینایە

بە تەکنە خوێنی شۆڕشێکی تێزابە سەوز

دەرگای ئیلۆ لە مەنفایا بکاتەوە(..)!

***

گەردەلولی زەمەن لە خومخانەی زانستی شۆڕایەوە(...)

چرای دانتی و مۆمی سلێمان بوون بەیەك

بەبەردی سێزیڤ و سێوی نێوتن

لە قەڵاچوالان مەنفای مەرگیان کردەوە...

یاسا قوڕینە سێینەی خواوەندی لابرد

گۆڕا بە یۆتۆبە شەترەنج

ئەو دەزووانەی لە مەرگەوە لە مەرگ یاخی

بە تونێلی بونا ڕەنگاڵەی زەمەنیان دەدایەوە

مام جەلالە بە ئەسپی تۆفانەوە بوونی بڕی (..)

***

لە ڤیسڤاڵی خوێنەوە شەترەنجێك لە شەختە هەڵهات(...)

ئەستێرەی عیشق بە زەریای مەرگەوە ئاوس

تۆڕی ئاماژەی دازاینی پشتە مێژووی هێنایەوە

دوا تابلۆی ئەنجیلۆ بەدەرون وخوێناو رەنگە

لە تەکنەلۆژیای مەرگەوە تابلۆی موسا دەژێتەوە

هایدجەر لە کشتوکاڵی هۆڵدرلین زەوی کێڵا

جوتیارێکی سیبریایی هێنایەوە

بەرگە کارگی خوێن و عارەقە وشکەی خومخانە

فلمی هێرۆشیما و هەڵەبشیما تۆوچەن دەکات!!

لە ئاوێنەی بیرەوەری مام جەلالا بوون بە گرێك(..)

بەمۆمی سولێمانەوە لە رۆحا سەوز دەبنەوە(..)

***

**چاوی فۆتۆیی مەرگی بە تراژیدیای مەرگ گۆڕی(...)**

**تۆو چەنی دەزووە خوێن و عارەقەیەکی ئاوێتە**

**سروودی کێوی سەر پشتی ئەسپێکە**

**تۆن و نەغمەی لە زمانی شەوەزەنگی چیا**

**بەپزیسکی بەردو ناڵی مۆسیقای رەو**

**خۆڵە مێشە تێزابی دڵۆپە خوێن**

**وێنە سەرابی دۆژە مەرگ گڕێکی سەوز**

**کشتوکاڵی وێنەو زمان لە تاشە بەردا دەکاتەوە(..)**

***

لەم دارستانی مەنفایە یەکەم درەخت زمانی تۆیە(...)

دەزووە خوێنی برینداری سەر ئەسپێکە

رۆمانی زەمەنی یاخی بوون تۆمار دەکات

لەسەر وێنەی وێنەکراوی تەکنە شۆڕش

هەزاران تابلۆی شوشە خوێن هەور دەگرێت

جیهان بە ئاوێنەی بیرەوەری  تەنرایەوە

شۆڕشی بەردی مام جەلال نیشان دەدرێت(..)

***

لەم مەحشەری مەنفایە پایتەختێکی کشتوکاڵی (...)

لە دەزووە خوێنی وشکەوە بە ئەهرامدا وێنا بووە

(بیبی) و (هەرکۆلیس) گەڵای بوردیان نوسیەوە

زەمەن لە پشتی دازاینی مەرگەوە سفر کرا

رێگای مەنفا بە(حۆرس) و (ئۆزۆریس) و(رەع) چنرا

نەخشەی شارستانی لە ناوزەنگەوە رەنگی گرت

حاخام مەزموری کلێسەی (داود)یان هێنایەوە

بەهۆرەی ژنانی بابردەوە، مۆسیقای ئەزەلیان دەژەند

(بەڵقیس) و(سولەیمان) چونە زەمەنی رۆبۆتەوە

زایەڵەی مەرگە سات بوو بە چەرخی تەکنە شۆڕش

تاشەبەردێکی مەحشەری بەفیزیای رۆحەوە جولا (..)

***

زەمەن لە فەلسەفەی مەرگی نەبوونا گرێ درا (...)

ئۆقیانوسی بیرکردنەوە وشکاییان خستە سەر ئاو

(ماکبێس و ئۆتیلۆ) لە نێرڤانایا توانەوە

زەوی بەسێ گۆشەی بیرکاریەوە خولایەوە

یەکەم حەرفی ئاری لە زەمەنی بێدەنگیا:

ئێرە جودی خاکی نیشتنەوەی کەشتی نوحە

نیشتمانی قفڵ و نغرۆو هەرەس و توانەوە

شەتڵە رۆحی مەنفای کۆجیتۆی فەلسەفەیە

مام جەلالە دازاینی تەکنە ماجەلانی زەریا (..)

***

ئاپورایەك زمانی مەحشەری کرد بە مێژوو(...)

سیناریۆی کارەساتی بوون تێکەڵ دەکات

ئەوە مەنفای عیبریە دەست و مەمەو چاوو پەنجە

شاری (ئاری)سوتاوی  یوشع بن نونی هێنایەوە

بەهەڵەبجەو هێرۆشیما بوکەبارانەی نیلی کرد

بتهۆڤن لە پەلی ساوایەکی کێویلەوە

فوو بە مورووی ئاوداری دازاینی بوونا دەکات(..)

***

**پشتە مێژوو شوێنەواری مەنفای چۆڵە (...)**

**لە تاریکی گەردەلولا بانگەشەیەك فەزا دەبڕێت**

**بۆتە موروی ئاوداری بوون و نەبوون**

**مام جەلال بە گۆڕستانی شوشەییەوە مۆمیابووە**

**بەفلم و پێشانگای مەرگەساتی خۆڕسکەوە**

**پێشبڕکێ لەگەڵ تەکنەلۆژیای جیهان دەکات (..)**

***

# ٣

فەلسەفەی مەرگ بوو بە شەترەنجی گەردوونی(...)
كيلۆباترا كۆبرای مەرگی جولاّندەوە
سوپا بەشەختە خوێی دەریای مردوو ژيايەوە
شەترەنج ياسا قوڕينەی پڕكردەوە
جەنگی ئەستێرە فەزای جيهانی داپۆشی(...)
جەنگيزخان و پەكين وەزيرو مەليكيان جولاّند
نەبوخوز نەسرو ئۆرشەليم فيل و سەرباز
فيرعەون و نيل قەلاّيان بۆ كيسراو بابل كێشا
مەليك بەردەمی چوڵكرا
دوا تابلۆ ئەسپێكە بەكەف و هەڵم داپۆشراو
بەپزيسكی بەرد و ئەستێ بۆتە پەيكەر
لە هەڵم و رەنگ و زمانی شەوەزەنگا شەلال (...)

زەمەنی تەکنە شۆڕش دەنەخشێنێت
بانگەشەیەك مێژووی لە مێژووا گرموڵە کرد:
مام جەلالە بە ئەسپی شەترەنجەوە مێژوو دەبڕێت(..)
***

شەترەنجی یۆتۆبی مەنفای تەکنە شۆڕشی گرتەوە(...)
رایەڵی تەونی پێشمەرگە لە گەڵاو خۆڵ ژیایەوە
تونێلی بروسکەو زمانی ئامازەو گریەو ناڵە
هەویری فەلسەفەی مەرگیان هەڵهاتووە
کۆنفشیوس خەڵاتی ئینتەرناسیۆنالی دا بەڤانکوخ
پەیکەری مام جەلال لە زەریای خوێدا دروست بکات
مەحشەری مێروولە لە دوایەوە رسکایەوە
بون بە پەرتوکێکی مەرگی شارستانی
مام جەلال بۆ میتران و کلنتۆنی دەخوێندەوە(..)
***

ئەسپ جوگرافیای لە زمانی ئاماژەیا دۆزییەوە(...)

بەڕاڕەوی ئەتۆمەوە مەرگی لە مەرگا نوسیەوە

مۆمی روانین بوو بە ئۆقیانوسی بیرەوەری

ئەسپی شەترەنج شارا وێنەی بەروانینەوە گرێدا

لە شۆڕشی بەردی مام جەلالا تەون چن بوو

بە تونێلی یۆتۆبەوە بەرەو کۆشکی بەغا دەفڕی(..)

***

ئەسپ لە زەریای بیرەوە وتاری دا:

مێژووی جەنگی جیهانی دەنوسمەوە

رێبەری شارستانیەتی ئاسکیمۆ

یەکەم مەنفام بە مەلیکەوە دامەزراند

دەرگای بابلم گواستەوە

کیلۆباترا بەکۆبراکەی گیانی کێشام

بەمۆمیایی فڕێی دامە نەوبوکەکانی نیلەوە

لەزەمەنی ئەسکەندەرا روپۆی زەویم بڕییەوەو

لەگەڵ گەردەلولا تونێلی مەرگمان بۆ نیل برد

بەنەوبوکی بارانەی نیل توامەوە

بەئاوێنەی تێزابە رۆح مۆمیا کرام

کاتێك ناپلیۆن میسری گرت

بەبرۆمیسۆس فیزیای جەستەم شیتەڵ کرا

لە مەنفای ناوزەنگەوە زمانی بونم کردەوە(..)

***

ئەسپ بەسەمای بالیەی ئیتاڵیەوە جولاّ:
ئەو رۆژە بوو کۆبرای مەرگ هات (...)
لە نیلەوە (ئەبو لۆن)مان تواندەوە
نەوبوکی ئاو چونە فەزای ئەفسانەیی
ئەو رۆژە بوو لۆمۆند وێنەو وشەی مام جەلال بوو
جەمال ناسر وشەکانی لە روانینیا دەشتەوە
گوتی: بارزانیش لەسەر ئەو کورسیە دانیشتبوو
تۆفانی رۆح نیلی خستە شەپۆلەوە
گەردەلول فڕۆکەخانەی داپۆشی
بە زەمەنی ئەهرامەوە هاتینەوە خاکی شەترەنج(..)

***

**شەترەنج هێڵی ئیستیوای لە خومخانە دۆزیەوە(...)**

**دەروازەی بوون بەزمانی خەففەوە قفڵ دران**

**روانین لە وێنەی وێناکراوی وێنەییەوە**

**وێنە وێنەی وێنە سڕاوەکانی وێنەیی دەگرێتەوە**

**لەم تاریکخانە ئەبەدیەدا بورکانی خەففەی دەروون**

**بە جەستەی سەوز بەئۆزۆریسی بوون ناسرا**

**لەدار و گوڵ بەمام جەلال چرۆی دەرکرد(..)**

***

لەم مەحشەرە تراژيديا بوو بە ئاوێنەی سەرابی (...)

پردێكی يۆتۆبی لە رۆحەوە رايەڵ كرا

پەيكەری بوون دەبنەوە بەگەڵای بوردی

لە رۆحی نەخشە بەردا دەژێنەوە

ئەوە تاشەبەردێكی وێنەييە

كەشتی تەكنە يۆتۆبی مام جەلالە

بەبانگەشەی (گادگرۆس)ەوە پەيكەری ئەنجيلۆی كێشا

كامێراكەی بە پانۆرامای جيهانەوە پەخش كردو

بورجی ئيڤيل بوو بەفلمی سەد ساڵەيی (..)!!

گۆڕی شوشەيی خستە ناو پێشانگای بەرلين (..)

***

تەریبی پێشمەرگە هیمالایایەی خستە خورپە(...)

رومەت و مەمەو چاوو برۆی سوورە خۆڵاو

کڵێسای بوونیان بە زمانی دەروون لەرزاند!!

درەختێك لە بیانزای ئیتالیاوە شانۆی سەوز کرد:

لە هەوری تراژیدیای چیای روانین

بەتۆفانی هەڕەمەوە سندوقێك هات

زمانی هەزارەهای کرد بە وێنە(..)

پێست سوتاوو مەمك چەتاڵ

ناخی قەقنەسی ناونیشانی سەدەها بوو(..)

لە کۆجیتۆی مام جەلالا رەنگاڵەی کرد:

گەڵای سەوزی ئاسکیمۆی بوون

بە ئەڵماسی زەریاییەوە پەرتوکی مەرگی نوسرابوو!!

تەکنە پێشمەرگەی سێدارە ئاسۆی دەلاك(..)

***

٤

دەنگی مەنفا بەمورووی ئاودارەوە فەزای دەنگدا:

من جیّماوەی کاروانیّکم لە ژیّر ئاگر

دەزوولە خویّن رابەرم بوو

هیّزم چاوو دەنگی کوژاوەی خۆلاّوی ..

دەنگم شارا رۆح چووی ساتە وەخت

لیّرە هەڵۆ مەرگیان دەکرد بە هەڵماقۆ

دارستانیان کردبووە مەحشەری شۆڕش

سنوقی جەستە رۆژانە دەهاتنەوە

ئەو درەختانە لە هەورەوە گەڕانەوە

پۆلی ئەنوەرو خاڵە شەهاب و جەعفەرە

دەنگی مەنفا بیرەوەری گیّڕایەوە:

دارستان کاراکتەری شانۆی مەرگن

هەر درەختە رۆحیّکە لە جوانیا سەوز بووە (..)

***

درەخت گوتی: ئاسمان پۆپەشمینی سەوزی هێنا(...)

چاو لە روانین و عەقڵ لە بیر دەسڕانەوە

وێنە لەوشەی تواوەی ناخەوە دەهاتنە دەر

خومخانەی بوون بەئەستێرە خاوەوە تەریب ببوو

لە سەد ساڵەی فیزیاییەوە شۆرانەوە

لە کۆجیتۆی مام جەلالا تیشکیان دەرخست(..)

***

ئەوە پەیکەرێکی بیکاسۆیە (...)

فلمی پۆلێك پێشمەرگەی زریانی دوزخورماتو

مامە ریشە زرێپۆش دەكاتە بوكە شوشە

نیشتمانێکی تراژیدی لە خوێنەوە دەژیایەوە

لە مەنفای جوانی عیشقی گەردون

لە بیری مام جەلالا مێژووی ناوەختەیان هەڵکەند(..)

***

پەیکەرێك هات لە نیلی یۆتۆبیاوە دافنشیە(...)

حەمەڕەشە مەلەوانی زرێباری خوێن

لە زمانی مەرگا گڕوگاڵی ئەوێن دەكات

بەپلەیسێشنی بیرەوە سوپایەکی جێهێشتووەو

بەرو دوندی بەغا دەڕوات(...)!!

***

لە رۆژهەڵات ئاوێنەیەك تراژیدیای دۆژەییە(...)

جەبەل حەمرین بۆتە خوشکی پیرەمەگروون

لە رۆژئاوا وێنە لە وێنەیا توایەوە

تیشك لە روخسارو جوانی

گەردەلولێك زەریای رۆحی پێچایەوە

دیجلە بەسیروان تێکەڵ بوو

بوکی هەڵەبجەیان گەیاندە نیل (..)

***

درەخت گوتی: ئێرە مەنفای جوانی مەرگ بوو(...)

مام جەلال دەزووی ئەفسانەی مێژووی توانەوە

(ئۆزۆریس) و(حۆرس) و(رەع) ی خستە شەترەنجەوە

لە سەرابا کشتوکاڵی مەنفای سەوز کرد(..)

***

باڵندەی سولەیمان و ئیبراهیم و نوح ژیانەوە(...)

کۆتری نامە تەکنە شەترەنجیان پڕکردەوە

بۆ کەرکوك و حەمرین و بەغا و هەولێر

بە شیعرە سروشی قەشە بۆسیای دیڤلیەوە

وشەکانی مام جەلالیان بەئامارژە وەردەگێڕا

چین و ماچین بە ئیڤیل و ناوزەنگەوە گریێ دەدرا(..)

***

لەم مەحشەری تەکنە رۆحە خومخانەی ڤیدا لابرا(...)

تیپی پێشمەرگە گیانیان بەئەتۆم گرێ دەدا

مەرگ بەمەرگەوە دەبوون بەهەویری مەرگ

وێنە لە وێنەی وێنابوونی دەرونەوە دەبووە بۆسۆ

مەرگ و ژیان ببوونە گوڵدانی پشتە مێژوو

زمان جوگرافیای نیشتەجێ بوونی دەبڕی

دازاینی وێنەیی لە بیرەوەری و زمان یاخی

لە روانینی مام جەلالا جەستە لە مەرگ دەژیایەوە(..)

***

درەخت دوا زمانی سەوزی نەخشاند:

ئێرە نیشتمانی کاولە بوون بوو(...)

فەزا و چیاو دۆڵو ئەشکەوت ببون بەدرەختی غەرقەد

سەگ و تولەو رەگ و سیبەر و باڵندە

هێزی ئەتۆمی مام جەلالیان هەڵگرتبوو

فەزا ببووە میمۆریەکی گەردوونی

کۆتر نامەی هیرۆگرۆفیان دەخستە خوار

رۆح زنجیرەیان لە بەغاوە دەبەستەوە(..)

***

کانیاوی مەنفا قوڵپی دا:

سندوقی جەستەم دەبرد هەتا دیجلە

تابوتی سێدارە لە فوراتەوە دەچووە هەورو

زیندە بەچاڵی تواوەیش لە هەواوە دەهاتنەوە

لە دڵ و رۆحی مام جەلالا دەنیشتنەوە (..)

***

هەوا گوتی: تەلێکس بە وێنەی رۆح وێنا دەبوو(...)

رۆمانی دەرونی رەنگی فۆتۆنی هەڵدەگرت

بە گەردەلولی مۆسیقای گیانچونەوە دادەبارین

زەوی رۆحیان بە ئامارژەو هێما دەچاند

کشتوکاڵی مۆخ لە سەوزیا دەکەوتە گۆ

چیرۆکە شیعری ئەنفال و شیمیاییان دەگوتەوە

لەم درەختە پانۆرامای ڤیستیڤاڵی دراما دەکرا

لە دەرونی مام جەلالا دەبون بە هەویری وێنە(..)

***

سروشت گوتی:مەنفا و بابل و رومیە شیتەڵکران(...)

تەکنە مەنفا لە شۆڕشی بەردا ژیایەوە

بۆن و رەنگو روانین و بیری مام جەلال بوو

رۆمانە عەتری جێماوەی بوکی نیل و

وردە واڵەی کچانی سەبراو شاتیلا

گێژەڵوکەی لالەی کچانی یەزیدی و

بۆنی دەسڕی عاشقانی هەموو گەردون

لە قوتوی عەتاری (هەڵەبشیما) رەنگیان هەڵگرت

بوون بەدۆشاوە مێژووی گەردوون (..)

***

مێرووڵەی بوون سوپای سولەیمانیان رەنگ کرد(...)

ئەدیسۆنی مەنفا چراخانی کوێرە رێ بوو

هەموو بۆن و دەنگێك بەگەلاوە پەیوەست دەبوو

لە تیێزابی (مام جەلالا) دەبوون بەئاوێنەی گەردوون(..)

***

ویستم لەم کەرنەڤاڵە ئەشکەوتێك بدۆزمەوە(...)

یەکەم کوخی رۆمیە بخاتە زەریای بیرەوەری

خانۆچکەیەك لە تۆوی فەلسەفەی مەرگ (...)

بەمیمۆری تەکنە شۆڕش پڕ بێتەوە

دوا زمانی دووگیانیکی ئاوێتە خوێن

رۆمانی هەویرە وێنەی زیندە بە چاڵ

سیناریۆی جەنگی گەردەلولی مێشك

لە کەوتنە خوارەوەی حەرفێ بێدەنگی جێماوەوە

فۆتۆی کەوتنە خوارەوەی شیلاوگ و

گیانەلاّی ساوایەکی زۆنگاو

بەبۆنی شیری شەختەوە

فەزای ئەشکەوتێکی رۆحی بەر گەردەلول

لە فلمی بابردوی دیکۆمینتی دۆژە سارا

ئەو فلمانەی لە منی بیرکەرەوەی مام جەلالا

دەبوونە بەشانۆی دۆژە مەرگی لە دایك بوون(..)

***

لە خومخانەی بیرەوە رۆمانی خەففە فەزای گرت(...)

شەپۆلی فلمی چاوو کەلە و پەنجەی پۆشراو

وێنەی وێنابوونی وێناکراوی وێنە دەروون

زمانی لۆگۆسی ژەهری سوقرات

بۆنی پیشاوی جەنگی رەنگاڵەیی

شارە مێرووی دازاینی پشتە زەمەن

بەزمانی ئاری و نەغمەی عیبری و وشەی لۆگۆس

لە سیبریای ئەوێنەوە تونێلی تۆفانیان دەبڕی

کوردستان مان یا نەمانیان دەگوتەوە(..)

***

٥

ویستم لەم هەسارەیەوە ببمە گەنجینەی بۆن (...)

داستانی شەبێخونی سیبریای ڕۆح بنوسمەوە

وشەو وینەی خەففە بکەم بەچەترێك بۆ مەنفا

دیواری بەرلین و باب ئیلۆو بەوابەی بەغا تێکەڵ کەم

گیای نەمری لە شوشەی فەرحان شەتڵ ببێت

زیۆس و عەشتارو مەردۆخ ببنە تۆوێك

لە شوشەی نێرڤانایا سەوز بن

تا مام جەلال لە سیبریای ڕۆحەوە سەفەر بکات

دەرگای مەنفا بەگڕی خوێن بکاتەوە(..)

***

ئێره ناونیشانی ئامازەی وێنەی زمانی هەناسەیە(...)

بورکانی شارا بۆنی تێکەڵاوە

لەقوتوی عەتاری مێژووییا سەوز دەبن

بۆنی حەزی کچە دیلێکی رەنگاڵەیی

رۆژووەوانێکی مەحشەری

ژانی مەرگێکی شیلاوگی

بۆنی دایك بۆ ساوایەکی بەر کرێوە

یەعقوبێکی هێرۆشیما...

ناوکێکی نەپچڕاوەی بەر شیلاوگ

***

کاتژمێری خانمی سورغ پۆشی هیمالایا

بۆ زمانی سورغ پۆشی جادەی  تاران

بەکچانی نێلەوە ببنە شارای بوکی سیروان

لە فەزای بۆنی مەحشەری شارە مێروو

بۆنی زەمەنی تێکەڵاو بکەن بەرەنگ

کە لە بیری مام جەلالا دەبوون بە ئۆقیانوسی بوون (..)

***

زەریای بۆن جیهانی خستە زایەڵەی مەرگ(...)

بۆنی ئاو بە عیشقی ئاسمانەوە

تام و بۆنی مەمەی دایك

تینوێتی دیل بۆ نیشتمان

بازووی کرێکار بەعارەقەی رەنگاڵەوە

توانەوەی جوگرافیا لە جوانیا

پایزە بۆنی گەردەلولی  گەڕیدەیی

توێشوی مام جەلال بەشارا عیشقی هەتایی

بۆ زیندانیانی سێدارەو فریشتەکانی سەرەمەرگ(..)

***

ویستم ببمە گەردەلولی عەتاری بۆن(...)

عارەقی هابیل بەگیان چونی قابیلەوە

هەسانی چەقۆی ئیبراهیم

هەناسەی نەوبوکوکانی شەپۆلی نیل

پیشانەوەی بۆنی عەلیقە بۆ موسا

حەزی مەسیح بۆ ئۆرشەلیم

ئاوی زم زم بۆ ئیسماعیل

تینویێتی سوقرات بۆ ژەهر

بۆنی نیشتنەوەی کەشتی نوح

ژانی زەیستانی ئەشکەوتێکی بورکاناوی

پەیکەری شیرەخۆرەی قوڕو زۆنگاو

گۆڕەشارو مەڵۆی بەر شیمیاوی و خەردەل

لە کفنێکی هەتاییدا مۆمیا بکرێن

بۆ فلمی دیکۆمینتەی هەڵەبشیماکەی مام جەلال(..)

***

٦

زەمەن لە مۆسیقایەکی مەرگاویدا راوەستاوە (...)

تۆنی کەوتنە خوارەوەی جیهانە لە دەروونداا

هێلی ئیستواو چەقی ناوەند تێکەڵاو بوون

سیناریۆی شانۆی فەزای نا جێگەیی

گرگرتنی دارستانێکی مەحشەری

ئەو رۆژانەی مەرگ واتای ژیانەوە بوو

تابلۆی مێژوو گەلاّی راڕفیوی شارا تەرم و

لیکە خوێنی پێشمەرگەی ناو بەستەڵۆك بوو

زمان لە نیشانەو ئاماژەو گریانەوە رسکا

تابلۆی ئەهرام لە روانینا دەهاتنەوە

دەبوونە کاراکتەری شانۆی کشتوکاڵی مەنفا(..)

***

ویستم لەم هەسارەیە ببمە زمانی گۆڕەشار(...)

لەو ڕۆژانەی دەروون دەبوو بە چاپخانە

وێنەی پەیکەر بهێنمە ناو زمانەوە

بۆ کەوتنە خوارەوەی وێنابوونی بیرەوەری

وەك ساتی نغرۆ بوون و کوژانەوە

کە شەوەزەنگ بەگڕی خوێن دەتوایەوە

ئەو وشانەی لە فیکرەوە دەکەوتنە خوار

گڕوگاڵی فۆتۆنی بوون

بۆنی منداڵێك بۆ رابردوو

بە گڕوگاڵ ناخی باوکی خوێندبێتەوە

دوا هەناسەی گەردەلولی شارا مەرگ

شیوەنی دایك لە ئەشکەوتی شەوەزەنگا

تەقینەوەی فیزیایی بورکانی رۆح

لە ئاوازی مەرگەساتی  حەمە جەزا:

(هۆ کاکی پێشمەرگە شۆڕشگێڕی قارەمان
ناوی پیرۆزی تۆیە بۆتە ویردی سەر زمان) (..)

***

ویستم لەم کۆتاییەدا گیای گلگامیش بڕوێنمەوە(...)
چاوەڕوانی گۆدو بە پرۆمیسوس بسڕمەوە
لە ناوزەنگی مەنفا درەختی شەهید بدوێنم
چیرۆکی ناو فەزا و گێژەڵوکە بنوسمەوە
فاکسی رۆحی بۆ دایکانی تەونە جگەر
پەرتوکی مۆبایل وبانك و فرۆکە
خەوی ئەخناتونی هەڵمە ئازار
بۆ بینینی گوڵە گەنم و تیشکی هەتاو
شەستەی دۆشاوی فەلسەفەی مەرگ
بانگەشەی پێشمەرگەی دەوەنێکی بەجێماوە:
خەیاڵی هەزارەها چاوی تێکەلاّوەی ناو با

گڕوگاڵ و ئامارەو نیشانەو گڕو بۆسۆ
بەتریشقە شاخو کێو بلەرزێنن
مامە زەمەنی شیرەخۆرەی فیرعەون دەرکەوتووە
وەکو موسا بگەڕێرەوە  بۆ مەنفاکەت(..)

***

ئێستا زەمەن لەسەرخەوی مەرگێکایە(...)
فەزا بە جەنگە جیهانی شەترەنجەوە پڕ بۆتەوە
ئەسپی مەنفا بە بوکەکانی نیل گەیشتەوە
گەلای بوردی بەخەویکی عیبریەوە چرۆیان کرد
خەوی مناڵێکی پیٚ پەتی
ریٚبواریٚکی بەر کرێوەو گێژەڵوکە
شەهێدێکی بەجێماوەی کانیاوی رۆح
بەشەتڵە زمانی مەرگەوە بانگەشە مەنفا دەهەژێنیٚت:
مامە دوو زەریای خۆی تەریب بووە
سەرخەوی مەرگ بشکێنە

## رۆمانی خوێن بۆ ترامپ و پۆتین بەرە(...)

***

ویستم وێنە لە وێناکراوی وێنەی وێنابوو بهێنمەوە (...)

خومخانەی دارستانی شۆڕشێکی بەردە فۆتۆن

رەنگی سەوز وەك یەکێتی

سپی وەك ئاوی تێزابی زەریا

دارستانێك لە یۆتۆبیای گەڕانەوە

گەردەلولێك وەك بۆرکانێکی گەردوونی

ئاگرێك لە دارستانی بیرکردنەوە

خۆرێك لە سەد ساڵەی شەوەزەنگا

گێژەڵوکەی رۆحی پشتە زەمەنی دازاین

لە دۆژە زەمەنی کشتوکاڵی هەویرە زمان

هەزار رەنگەی شۆڕشی بەرد

تابلۆی ژیانەوەی رۆحی فلمی هاری پۆتەر

سەوزبوونی گیای نەمری عاشقانە
بە ئەلیازەو ئۆدیسەوە ببنە هەوێنی گەردەلول
لە تاریکخانەی بوونەوە وێنا ببن
فلمی دەرون بشۆنەوە
لە تۆفانی بیرکردنەوەی مام جەلالا ئاوێتە بن(..)

***

بۆنی رۆمانی عەتری مێژوو جیهانی گرت (...)
دۆشاوە بۆنی عەتاری شانۆی بوونی هەڵگرتووە
فلمی دەروونی پێشمەرگەیەکی سەرە مەرگ
کۆمەڵێکی بەر هەرەسی ناو گۆڕە شار
کلێپەی نەوبوکێکی بەندیخانە
هەوری هەناسەو ئامازەی پشتە بوون
رەنگی خومخانەی فەلسەفەی مەرگ
دوو زەریای خوێی بەربارانە

**ڕۆحی ئەنجیلۆو برۆمیسۆس و کافرۆشی**

**بۆنی غاندی بۆ سەربەستی**

**لە بورکانی ئەغریقەوە بە پەیکەرێکی تەلێکسی**

**ببنە زەریای منی بیرکەرەوەی مێژوو**

**کۆکردنەوەی شوشەی شکاوی فەلسەفە**

**تەقینەوەی گڕوگاڵی عاشقە مەرگ(..)**

**کە مام جەلال بەحەرف و وشەی تواوە(...)**

**بە تەکنە ئەسپ کشی کرد!!**

**تاشە بەردی کرد بەکۆمار(.)!!**

**٢٠١٩/٢/٨**

(زێۆس)لـە ئەفسـانەی یۆنانیـدا، خواوەنـدی زەمـەن وکـەش ودەسەڵاتی باڵا لە ئەنجومەنی خواوەندەکاندا(الأولب).

(ئەسـینا) کچـە گـەورەی زیـۆس خواوەنـدی حیکمـەت و زانست و هونەرە لە ئەفسانەی یۆنانیدا.

(ئۆزیرۆس)سـەرۆکی دادگـای مردنـە، لای میسـریەکان کـە بەدادگای ئۆزیرۆس ناسراوە و جێگەی لە ئەبیدۆس بووە.

(بتاح) خواوەندی میسری کۆنە جێگەی لە مەنفا بووە.

(ئامۆن) خواوەندی میسری کۆنە جیگەی لە تەیبە بووە.

(هۆدۆس) خواوەندی میسری کۆنە جیگەی لە ئیدفۆ بووە.

(حۆرس) خواوەندی دەریای نیل.

(رەع )خواوەندی رۆژە لە ئەفسانەی میسریدا.

(ئاشور) گەورەی خواوەندی ئاشوریەکانە.

(مەردوخ) گەورەی خواوەنی بابلیەکانە.

(ئاهورامزدا) :بەکورتی لە ئاینی زەرادەشتیدا مانای من تەنها دروستکەری بوونم